# ئازار

ئەنتوان چیخۆف
و. بۆ عەرەبی/ رافع الصفار
و. بۆ کوردی/ تاهیر عەبدولواحید
tahercen@yahoo.com

(گریکۆری بیترۆف) سالانێکی دوورودرێژ وەکو کارامەترین تۆڕنەچی هەرێمی (گالتشینیسکۆی) ناوی دەرکردبوو، بەلام لەهەمان کاتدا دەبەنگترین و ساویلکەترین کەسی ئەو هەرێمە بوو. بۆ ئەوەی ژنە ناساغەکەی بگەیەنێتە نەخۆشخانە، پێویست بوو گالیسکەکەی بۆ ماوەی بیست میل بەرێگەو بانێکی زۆر سەخت و بەو زستانە ساردو تووشە لێبخورێ، ئەو کارە تەنانەت بۆ شۆفێری پۆستەچی میریش کارێکی ئاسان نەبوو، کاتێ رەشەبا ساردەکە راستەوخۆ دەیدا لەدەموچاوی و گەردەلوولی بەفریش لەهەموو لایەکەوە گێژەنی دەدا، بەشێوەیەك مرۆڤ نەیدەزانی ئەم بەفرە لەئاسمانەوە دێتە خوارێ یان لەزەوییەوە هەڵدەچێت.. توانای بینینیش بەهۆی تەمومژە بەفراوییەکەوە تەواو بێ برست بوو.. ئەو نەیدەتوانی بەشێکیش لەدارستانەکەو (هەرد)و دارتێلی تەلەگرافەکانیش ببینێ. هەرکاتێ رەشەبایەکی بەهێز لەناکاو بەرووی دەکەوت، تەواو نابینا دەبوو، بەشێوەیەك لغاوی ئەسپەکەی خۆیشی بەدی نەدەکرد، ئەو ئاژەڵە بەستەزمانەی کە بەخاوی هەنگاوەکانی هەڵدەگرت و قاچەکانی زۆر بەقورسی لەنێو بەفرەکەدا بەدوی خۆیدا رادەکێشا. کابرای تۆڕنەچی نیگەران و لەدڵەڕاوکێدا بوو، هێندە پەلەی بوو جێگەی بەخۆی نەدەگرت و قامچی لەپشتی ئەسپەکەی دەدا.. گریگۆری بەدرێژایی کات بۆڵەبۆڵی بوو و لەگەڵ ژنەکەی دەئاخاوت:

(ماتریۆنا) مەگری، کەمێك خۆڕاگر بە، هەرئەوەندەیە کە دەگەینە نەخۆشخانەکە، ئەوکات هەموو شتێك ئاسایی و بەدڵی خۆمان دەبێت. دکتۆر (پاڤێڵ ئیڤانیتش) چەند قەترەیەکت دەداتێ، یان داوای لێدەکەم (کەڵە شاخ)ێکت بۆ بکات.. یان لەوانەیە بەخشندەیی بنوێنێت و رازی بێت بەوەی کە گیانت بەئیسپرتۆ بۆ بشێلێت. بێگومان تەواوی هەوڵی خۆیت لەگەڵدا دەدات.. بەڵێ.. هاواردەکات و تووڕە دەبێت، بەلام لەکۆتاییدا هەموو هەوڵی خۆی دەخاتەگەڕ. ئەو پیاوێکی رەوشت بەرزو نەرم و نیانە، خودا لەش ساغیی پێبدات. کاتێ کە دەگەینە ئەوێ و دەمانبینێ، تیرئاسا لەژوورەکەی خۆی دەردەچێت، دەستدەکات بەجنێودان و هاوار دەکات، چۆن؟ بۆچی وا؟ بۆ لە؟؟؟ نەهاتوون؟ خۆ من سەگ نیم بەدرێژایی رۆژگار لەچاوەڕوانی جەنابی ئێوەدا بمێنمەوە، بۆچی بەیانییەکەی نەهاتن؟ دەی خێرا بڕۆنە دەرەوە، نا، پێشوازیتان لێناکەم، سبەی وەرنەوە. منیش لەوەلامدا پێی دەڵێم: جەنابی دکتۆری مەزن، پاڤێڵ ئیڤانیتش، ئەتوانیت جنێومان پێبدەیت و نەفرەتمان لێبکەی..، ئەی شەیتان دووچاری تاعوون بیت، تۆڕنەچییەکە قامچییەکی تر دەدات لەپشتی ئەسپەکەو بەبێئەوەی تەماشای ئافرەتە بەتەمەنەکەی پشتییەوە بکات، کە لەناو گالیسکەکەدا راکشاوە، دەست بەقسەکردن دەکاتەوە لەگەڵ خۆی:

جەنابی دکتۆری بەڕێز سوێند دەخۆم بەخوا، هیچ ناڵێم تەنیا راستی نەبێ، لەبەرچاوی تۆ وێنەی خاچ لەسەر سنگم دەکێشم.. من لەپێش بەرەبەیانەوە دەرچووم، بەلام چۆن دەتوانم لەکاتی گونجاودا لەلای تۆ بم؟ لەکاتێکدا خوا ئەم گەردەلوولە بەفراوییەی نارد... نەرمی بنوێنەو بەچاوی خۆت ببینە، باشترین جۆری ئەسپ توانای نییە لەمجۆرە کەشوهەوایەدا رێبکات، ئەسپەکەشم ئەم بوونەوەرە لێقەوماوە بەدبەختە هەروەك خۆت دەیبینی هەموو شتێکە تەنها ئەسپ نییە. ئەوکاتە دکتۆر پاڤێل ناوچاوانی گرژدەکات و دەنەڕێنێ: دەتانناسین... ئێوە بەردەوام بۆ پاساو هێنانەوە بەهرەمەندن، بەتایبەت تۆ (گریشکا).

باش دەتناسم، سوێند دەخۆم تۆ پێش ئەوەی بگەیتە لای من لەنیوەی مەیخانەکان لاتداوە.. بەلام منیش پێی دەڵێم: بەڕێز: بۆچی من کافرم یان تاوانکارم هەتا بەنێو مەیخانەکانا بسوڕێمەوە لەکاتێکدا ژنە داماوەکەم لەگیانەلادایە؟ نەفرەت لەمەیخانەکان و لەخاوەکانیان.. تاعوون هەموویان لەناوبەرێت.. دکتۆر پاڤێڵ ئەوکات بڕیاردەدات تابتگوێزنەوە ناو نەخۆشخانەکە، منیش لەبەر پێیەکانیدا چۆك دادەدەم و پێی دەڵێم: دکتۆر پاڤێڵ

ئیڤـاینتش، ئـەی کەسـە بەڕێزەکـە، لـەقوڵایی دڵمانــەوە سوپاسـت دەکـەین، ئومێـدەوارم بمانبەخـشی لەدەبـەنگی و هەڵسوکەوتە هەڵەشەکانمان، دڵڕەق مەبە لەگـەڵ ئێمـەی جووتیارانـدا. بـەڵێ، ئێمـە نـەك هـەر تـەنیا جنێـو، بـەڵکو مـاڤ خۆتە بەشەق لێمان بدەی، ئێمە بووینە هۆی ئەوەی کە بەڕێزتان بێنە دەرەوەو قاچەکانت بەفر پیسیان بکات..

دکتۆر پاڤێڵ سەیرێکم دەکات و وەك ئەوەی بیەوێ پیامدا بکێشێ و دواتر دەڵێت: گەمژە، بۆ خۆت باشتر نییە کەمێك بەزەییت هەبێت بەرامبەر بەو ئافرەتە داماوەو ئاگات لێی بێت؟ لەبری ئـەوەی کـە دەخۆێتـەوەو دواتـر دێیـت و دەکەویت بەسەر پێڵاوەکانمدا؟ بەخوا تۆ شایستەی ئەوەی جەڵدەت لێبدرێ.

بـەڵێ، بـەڵێ تـۆ لەوەیانـدا لەسـەر هـەقی، مـن شایـستەی جەڵـدە لێـدانم ئـەی پاڤێـڵ ئیڤـانیتش، بائاسمـان نەفرەتەکانی خۆیم بەسەردا ببارێنێ، پاشان چ نەنگییەکی تێدایە گەر من بەسەر پێڵاوەکانی تۆدا بکەوم؟ تـۆ باوکمـانی و گەورەی نیعمەتە مەزنەکەمانی، هەرکاتێك هەستتکرد بێزارت دەکەم ماڤ خۆتە تف لەڕووم بکەیت. سوێندیش لەسەر ئەوە دەخۆم هەرشـتێك تـۆ فـەرمانم پێبکـەیت مـن بـۆتی جێبـەجێ دەکـەم، گـەر (ماتریۆنـا)ی هاوسـەری خۆشەویـستم، تەندروستی گەڕایەوە دۆخی جارانی، ئەگەر ویستت نایابترین قوتووی جگـەرەت لەباشـترین جـۆری دار بـۆ دروسـتدەکەم، یان دووتۆپی یاری کرۆکیت، یان جوانـترین بوتڵی تەختەی یاری بۆلینگ، بۆ ئەوانەش یەك پوولت لێوەرناگرم. لەمۆسـکۆ (قوتوویەکی جگەرە) بەچوار رۆبڵە، بەڵام من بەبێ بەرامبەر بۆتی دروستدەکەم. دوای ئـەوە دکتـۆر دەخـەنێ و دەڵێت: باشە.. باش. دیارە تۆ تاتاستی مەستبوون سەرخۆشی. هەروەك ئەبینی (ماتریۆنا)ی ئازیز، من ئەزانم چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی چینە باڵاکاندا دەکەم، هیچ گەورەیەك نییە دەرەقەتی نەیەم.. تەنها داواکارم لەخودا ڕێگاکـە ون نەکـەم، ببینە ئەو رەشەبایە چەند تونـدە، بـەهۆی بـەهێزیی گـەردەلوولی بەفرەکـەوە نـاتوانم چاوەکانم هـەڵبێنم... خەڕاتەکـە لـەئاخاوتنی بـەردەوام لەگـەڵ خـۆی نەدەوەسـتا، وەکـو هەوڵـدانێك بـۆ کەمکردنـەوەی فـشاری هەسـتە تاڵـەکانی وشـەکان زۆربوون لەسەر زووبانی، هەروەها بیرکردنـەوەو پرسـیارەکانیش لەکەللەسـەریدا.. خـەمناکی لـەناکاو تـەنگی پێهەڵچنی، بێئەوەی وای بۆچووبێت یان چاوەڕوانی ئەوەی کردبێ، ئێستاش دەبـێ خـۆی لێـدەرباز بکـات و کۆتـایی پێبهێنێت. ئـەو ژیـانی لـەهێمنی و ئارامیـدا بەسـەربردبوو بێئـەوەی خـاوەنی مانایـەك بـووبێ بـۆ غـەم، یـان شـادی. لـەناکاوو بـەبێ ئاگادارکردنەوە، ئازار هێرشی بۆ هێنا تا لەنێو پەڕەکانی دڵیدا هێلانە بکات.. سەرخۆشی گـەڕۆك بـارکراو بەخـەم خـۆی لەپێگەی بەرپرسیارێتیدا بینییـەوە، ململانـێ لەگـەڵ سروشـتدا دەکـات، بـیرەوەری گریگـۆری بـەرەو سـەرەتای کێشەکەو شـەوی دوێـنێ چـوو، کـاتێ کـەمێ بەسەرخۆشـی گەڕایـەوە ماڵـەوە، هـەروەك پیـشەی جـارانی چـۆن جنێـوی دەداو بەدەستەکانی هەڕەشەی دەکرد، ژنەکەی بەشێوەیەك لێی دەڕوانی وەك بڵێی پێشتر سەیری نـەکردبێ. (ماتریۆنـا) زیـاتر تێڕوانینەکانی چاوی دەستەمۆیی و ترسنۆکی تێدا دەبینرا وەکو تێڕوانینی سەگێك کە تێلاترێن کرابـێ، بـەڵام ئـەمجارە بەمۆنی و بێ جوڵە تێیڕوانی، هەروەك چۆن قدیسەکانی نێو وێنە پیرۆزەکان دەڕوانن، یان چۆن لەمردووەکان دەڕوانرێ، لەم تێڕوانینە نامۆو شەڕ ئامێزەوە کێشەکە سەریهەڵدا، لەحاڵـەتێك لەهێدمـەو سەرسوڕماندا چوو ئەسـپێکی لەیـەکێك لەدراوسـێکان خواسـت تاهاوسـەرە بەتەمەنەکـەی پێبگەیەنێتـە نەخۆشـخانە، کـە رەنگـە دکتـۆر پاڤێـڵ بتوانێـت لـەڕێی بەکارهێنانی مەرهەم و تۆزی تایبەتەوە گوزارشتی ئاسایی چاوەکانی ماتریۆنا بگەڕێنێتەوە، خەڕاتەکـە بـەردەوام دەبێـت لەئاخاوتن لەگەڵ خۆی و دەڵێت: باشە گوێبگرە ماتریۆنا، گەر دکتۆر پاڤێڵ پرسیاری ئەوەی لێکردی کە داخۆ لێمـداوی؟ پێویستە ئەوە رەت بکەیتەوە، سوێند دەخۆم چیتر لەمڕۆ بەدواوە لێت نادەم، هیچ رۆژێك لەڕۆژان لەسەر ئەوە لێمـداوی کە رقم لێت بووبێت؟ نا.. هەرگیز.. من هـەرکات لێمـدابیت بێئاگـابووم. بەڕاسـتی مـن هەسـت بـەداخێکی گـەورە دەکـەم بەرامبەر تۆ. بڕواشم وانییە کەسانی دی وەك من گوێی پێبدەن، ئەوەتا خۆت دەبینی، من بەگـژ ئەسـتەکەمدا دەچمەوە لەم کەشوهەوا ناڵەبارە بەفراوییـەدا تـا تـۆ بگەیەنمـە نەخۆشـخانە. خودایـە ویـستی تۆبێـت، پـشت بـەخوا ڕێگاکـە هەڵـە ناکەین.. کەلەکەت ئازارت ئەدات ئازیزەکەم؟ لەبەرئەوەیە وەڵامم نادەیتەوەو قسەم لەگەڵ ناکـەیت؟ پرسـیارت لێدەکـەم، کەلەکەت ئازارت ئەدات؟ لەئاوڕدانەوەیەکی خێرادا بۆ ژنـە بەتەمەنەکـە هەسـتیکرد ئـەو بـەفرەی کـەوتبووە سـەر رووی نەدەتوایـەوە، سـەیریش لـەوەدابوو خـودی دەموچـاوی درێژکۆڵـەو زۆر هـەڵبزڕکابوو، مـۆن و سـەنگین وەکـو مـۆم وابـوو. گریگۆری قیژاندی: تـۆ گەمـژەیت.. گەمـژە، لەبـەردەم خـودادا ئـەوەی کـە لەویژدانمدایـە پـێتی دەڵـێم، کەچـی سـەرباری

ئەوەش تۆ پێدادەگریت لەسەر.. ، باشە تۆ گەمژەیت، منیش سوارسەری خۆم دەبم و ناتبەمە لای دکتۆر پاڤێلّ ئیڤانیتش.. لغاوی ئەسپەکەی لەنێو لەپی دەستیدا شلکردەوەو کەوتە بیرکردنەوە. لەتوانایدا نەبوو بەتەواوی ئاوڕبداتەوە بۆ دواوە تاسەیری هاوسەرەکەی بکات، ئەترسا، ترسی لەوەش هەبوو کە پرسیارەکانی لێ دووبارە بکاتەوە بێئەوەی وەڵامێکی دەستبکەوێت، دواجار بۆئەوەی کۆتایی بەهەموو ئەمانە بهێنێت، بێئەوەی ئاوڕی بۆ بداتەوە هەستیکرد ساردوسڕە، کاتێ دەستی لێبەردا وەك پارچە تەختەیەك کەوتە خوارەوە، قیژەی لێ بەرزبۆوە: کەواتە مردووە!؟. ئای لەو بەڵا گەورەیە... هێندە جەخاری نەبوو ئەوەندەی بێزاربوو و بیری دەکردەوە چۆن شتەکان لەم جیهانەدا بەخێرایی تێپەڕدەبن، هێشتا کێشەکە دەستی پێنەکردبوو ئەوەتا بەکارەسات کۆتایی هات. کاتیشی نەبوو تاماوەیەکی تر پێش مردنی ژیانی لەگەڵدا بەسەربەرێ و پەشیمانیی خۆی بۆ دەربخات. چل ساڵ ژیانی لەگەڵدا بەسەربرد، بەڵام لەتاریکی و تەمومژدا تێپەڕی، بوارێکی تیانەبوو بۆ هەستە جوانەکان، چونکە لەنێو مەستی و بەدڕەوشتی و شەڕی بەردەوام و هەژاری کوشندەدا بەسەرچوو. هەر بۆئەوەی تووڕەی بکات، لەچرکەساتێکدا مرد کە هەستی بەپەشیمانی کرد لەبەرامبەریداو گەیشتبووە ئەوەی بەبێ ئەو ناتوانێ ژیان بەسەربەرێ. هەرچەندە توندوتیژ بوو لەگەڵیداو خراپەی زۆری بەرامبەر کردبوو، یادەوەری جولاو بەخۆی وت: ئەمنارد بۆ ناو ئاواییەکە تا بگەڕێ و سواڵی نان بکات، ئەکرا تەمەنی بۆ دەساڵی تر درێژ ببوایەتەوە، مەینەتییەکە لەوەدایە ئەو مردو باوەڕی وابوو کە من مرۆڤێکی...، ئەی دایکی پیرۆزمان، ئاخر لەڕێی شەیتاندا ئێستا من بۆ کوێ دەچم؟ چیتر من پێویستم بەپزیشك نییە، ئەوەی کە پێویستە قەبرێکە تا بیشارمەوە.

رووی گالیسکەکەی وەرگێڕاو ئەسپەکەی بەقامچی تاودا. کەشوهەواش هێندەی تر خراپ بوو تا وایلێهات توانای بینینی بەتەواوی نەما. جارناجار لقی دارەکان بەر دەموچاوو دەستەکانی دەکەوتن و بارستاییە رەشەکانی لەبەرچاوی ون دەکرد.. گەر بۆ جارێکی تر لەگەڵیدا ژیانم بەسەربردایە. هاتەوەیادی پێش چل ساڵ بەرلەئێستا (ماتریۆنا) روویەکی جوان و رۆحێکی سووك و سادەی هەبوو، لەخێزانێکی زەنگین بوو، کەسوکاری قایلبوون بەوەی کە ژیانی هاوسەری لەگەڵدا پێکبهێنێت دوای ئەوەی بینیان و زانیان کە کەسێکی بەهرەمەندە لەپیشەی تۆڕنەچێتیداردا، هەموو هۆکارەکانی ژیانێکی ئاسوودە بوونیان هەبوو بۆیان، بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو لەشەوی زاوایەتیدا ئەوەندەی خواردەوە تاڕادەی بەدمەست بوون، لەوکاتەوەو بەبەردەوامی ژیانی بەمەستی رایی کردووەو هەرگیز بەئاگا نەبووە.. بەڵێ، ئەو ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی لەیادماوە، بەڵام بیری نایەت دوای ئەوە چ شتێك روویداوە، بەدرێژایی ژیانی هەر ئەوەی لەبیرە کە مەست دەبوو لای ئاگردانەکەشەوە پاڵدەکەوت و شەڕی دەکردو هیچی تری لەبیر نییە.. ئاوەها چل ساڵ لەتەمەنی لەدەستدا.

هەورە بەفرینە سپییەکان وردە وردە دەگۆڕان بۆ رەنگی خۆڵەمێشی، ئەوەش ئاماژە بوو بۆ تاریك داهاتن، دووبارە پرسیاری لەخۆی کردەوە: من بۆ کوێ دەچم؟؟ پێویستە تەرمەکە بشارمەوە، کەچی من بەرەو نەخۆشخانە دەڕۆم، وەك ئەوە وایە عەقڵم لەدەستدابێ، جارێکی تر بەگالیسکەکەی ڕێڕەوی گۆڕی.

ئەسپەکەی دەیحیلاندو لەڕۆیشتندا سەرسمی دەدا...، خەڕاتەکە دیسان دەستی بەقامچی لێدانی کردەوە، گوێی لەدەنگی بەریەککەوتنی شتێك دەبوو لەپشتییەوە، بەبێئەوەی ئاوڕی بۆ بداتەوە دەیزانی کە ئەو دەنگە لەسەر ژنە پیرەکەوە دەهات کە بەرل اتەنیشتی کورسییەکەی دەکەوت، بەفرەکە هێندەی تر تاریکی داهێناو سەرمای رەشەباکەش بەهێزتر دەبوو. ئەگەر بۆ جارێکی تر لەگەڵیدا ژیان بەسەرببەمەوە، دوکانێکی خەڕاتی تازە دەکرم و کاردەکەم، بڕێکی زۆر پارەی بۆ پەیدادەکەم، رەشمەی ئەسپەکە لەدەستەکانی دەرچوو، بەدوایدا گەڕا، ویستی بیدۆزێتەوە، بەڵام نەیتوانی.. بەخۆی وت: گرنگ نییە، ئەسپەکە دەتوانێ خۆی سەرپشك بێت، رێگاکە شارەزایە، ئەتوانم لەم ماوەیەدا کەمێك سەرخەو بشکێنم پێشئەوەی خۆم بۆ نوێژی مردوو و مەراسیمی بەخاك سپاردنەکە ئامادەبکەم... خەڕاتەکە چاوەکانی داخست و نوقمی خەوبوو، پاش کەمێك هەستیکرد ئەسپەکە لەڕۆشتن کەوت. چاوەکانی کردەوەو لەبەردەمیا شتێکی تاریکی بینی کە لەکوخێك یان کۆمەڵێك کا دەچوو، ویستی هەستێ و بزانێ ئەو شتە چییە؟ بەڵام هەستیکرد توانای جوڵەی نەماوە، ناچار بەبێ هەراو بەرگرییەك خۆی دا بەدەم خەوێکی قوڵ و ئارامەوە.. کاتێ بەئاگا هاتەوە لەژوورێکی

فراواندا كه دیوارەكانی رووكەش كرابوون خۆی دیتەوە، تیشكی خۆر لەپەنجەرەكانییەوە هاتبووە ژوورەوە، كۆمەڵێك خەڵكی لەچواردەوری خۆی بینی، یەكەم هەستی ئەوەبوو كە داخۆ دەریخات ئەم كەسێكی رێزدارەو ئەزانێت چۆن بەپێی هەلۆیستەكە رەفتار بكات.. پێی وتن: درودو نوێژ بۆ گیانی هاوسەرەكەم برایان.. پێویستە قەشە ئاگادار بكەنەوە..

یەكێكیان بەدەنگێكی بەرز قسەكەی پێبڕی و پێی وت:

باشە.. باش، بەڵام مەجوڵێ.

تۆڕنەچییەكە بەسەرسامییەوە هاواریكرد كاتێ پزیشكەكەی لەبەردەمی خۆیدا بینیەوە.. پاڤێل ئیڤانیتش.. باوكی نیعمەتە مەزنەكەمان؟.. ویستی بازهەڵدات و لەبەردەم پزیشكەكەدا چۆك دابات.. بەڵام هەستیكرد قۆڵەكانی و قاچەكانی وەڵامی ئەو هەوڵ و جوڵەیەی ئەو نادەنەوە.. هاواری كرد: گەورەكەم.. كوا قاچەكانم، كوا قۆڵەكانم؟؟

پێیان بڵێ ماڵئاوا.. بەتەواوی بووبوونە بەستەڵەك. ناچاربووین بیانبڕینەوە، دەی پێیناوێ، بۆ دەگریت؟ سوپاسی خواوەند بكە، تۆ بەشی خۆت ژیاویت، وای بۆدەچم تۆ لەتەمەنی شەست ساڵیدای، ئەوەندەش بۆ تۆ بەسە..

من دلگرانم گەورەم. زۆر دلگرانم. هیوادارم بمبووری، چەند حەزدەكەم ماوەی پێنج تاشەش ساڵی تر بژیم.

بۆ؟

ئەسپەكە هی خۆم نییە، پێویستە بیگەڕێنمەوە بۆ خاوەنەكەی، ئەشبێ هاوسەرەكەم بەخاك بسپێرم.. ئای خودایە، شتەكان چەند بەخێراییەكی سەیر تێپەڕدەبن لەم جیهانەدا؟ گەورەم پاڤێل ئیڤانیتش، قوتوویەكی جگەرەت لەنایابترین جۆری دار بۆ دروستدەكەم.

هەروەها تۆپی كروكیت.. دكتۆرەكە بەدەستی ئاماژەی بۆ كردو ژوورەكەی بەجێهێشت، هەموو شتێكیش سەبارەت بەخەڕاتەكە كۆتاییان پێهاتبوو..